# با هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی زمانی کوردیی ستاندارد
# نەبێتە ئاژاوەگێڕان و شەڕە گەڕەک

**جەمال نەبەز**

**بەرلین:** 8/8/2008

پاش ئەوەی وتارەکەم "لە براکوژیی گیانییەوە بەرەو براکوژیی زمانی"، لەلایەن هاوبیر سیروان کاوسییەوە تایپکرا و، بەڕێگەی E-post ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" (٢٥١ و ٢٥٢، ١ و ٢٠٠٨/٧/٢) و لەچەند ماڵپەڕێکی دیکەشدا بڵاوکرایەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێنەرانی وتارەکە، لەپاڵ لێدوانەوە، دەستخۆشییانکرد لێم، کە پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەم، بەتایبەتیی، خالە حەمە، کە لە وتارێکدا – لەماڵپەڕی "کلاوڕۆژنە" دا – میهرەڤانییەکی زۆری بە من ڕەوا دیوە. هەروەها، هاوبیر کەریم، کوردە، عوسمان خالد، بەختیار، بەکر، سیروان مەحموود، خوێنەرێک، ئاریتما، بەکر، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، ئاسۆ بیارەیی، عامر باجەڵانی، دیلان ڕۆشەنی، یەکێکیش بەنێوی "میکائیل" ەوە گلەیی کردووەلێم کە بۆچی چاوم ئەوە دەبینێ کە سووکایەتی بە بادینانی کراوە، لێ ئەوە نابینێ کە بە سۆرانییەکان دەبێژن "سۆرە". لەوەرامی ئەم بەڕێزەدا دەبێژم، ئەوانەی وا ئەو قسە ناشیرینانە دەکەن، سۆرانی بن، یان بادینانی، وەک ئەوە وایە کە "تف بەرەو با هەڵدەن". چونکە هەردوولایان کوردن و، هەر ریشی خۆیان دەگرێتەوە. لەڕۆژنامەی "هاوڵاتی" یشدا، وتارێک بەنێوی سەلاح ئەحمەدەوە بڵاوکراوەتەوە لەژێر سەرنێوی "فاشیزمی سۆرانی ڕاوەستە". کە بەڕاستی گێرەشێوێنییەکی وایە هەر مەپرسە، چونکە، شتێک بەنێوی فاشیزمی سۆرانییەوە مەگەر هەر لە "دیماغی" بەڕێزیدا هەبێ. لێرەدا دەبێ بە "هاوڵاتی" بێژین ڕاوەستە. فەرمانی سەرشانی ڕۆژنامەوان ئەوەیە بابەتانە بدوێ، نەک کارێک بکات ئاژاوەگێڕیی لێبکەوێتەوە. دوو بەڕێزیش، موحسین جوامێر و جافەری شێخولئیسلامی، دوو سەرنجی دژ بە یەکیان لەبارەی وتارەکەوە دەربڕیوە. بەڕێز موحسین جوامێر، لە وتارێکدا کە

پێشکێشیکردووە بە من، لەژێرنێوی "کە کوردستان کرا بە دوو زمان و دوو میللەت، بۆچی عێراق نەکرێ بە یەکزمان و یەک میللەت"، گوتوویەتی: کە پێشترێ کتێبە نایابەکەی (زمانی یەکگرتووی کوردی) مامۆستای هێژا جەمال نەبەز –م خوێندەوە، شاگەشکە و پڕ هیوا بووم، وەلێ وتاری ئەم دواییەی بەڕێزی، لەژێر نێوی: "لە براکوژیی گیانییەوە بەرەو براکوژیی زمانی" دەخوێنمەوە، دەبینم بەزۆری سەرقاڵی حسێبگەری شەخسییە و چارەنووسی زمانی کوردی هەڵپەساردووە و بە قەدەری سپاردووە (ماڵپەڕی "ئەمڕۆ" و "کوردستان نێت" و "دەنگی سەربەخۆ").

ئەوا لێرەدا، کاک موحسینی بەڕێز ئاگادار دەکەم، کە هەڵوێستی من بەرامبەر هەر بابەتێکی زانستانە، نە خۆشەویستیم بەرامبەر کەسێک، یان کەسانێک و، نە دڵشکانم لە کەسێک، یان کەسانێک، دیاریناکەن، بەڵکو بابەتەکە خۆیەتی کە هەڵویستم دیاریدەکات. بیروڕاشم بەرامبەر پێویستیی بوونی زمانێکی ستاندارد بۆ کوردزمانان، نەگۆڕاوە و، هەروەک پەنجاساڵ لەمەوبەرە. ئەمەش لەدوو توێی وتارەکەمدا بەڕۆنی دەردەکەوێ. بەڵام وەک بەئاشکرا دەرمبڕیوە، ئەم نووسینەی کرمانجیی ناڤین، بەم شێوەیەی ئێستەی، واتە بێ بیرازکردن و چاکسازیی زانستانە و، بەم رێنووسەی ئێستەی و، بێ پێشکاری و چالاکییەکی رۆشنبیرانەی فراوان، بایی ئەوە نییە بکرێتە زمانی ستاندارد. ئەوجا کاکە موحسین، ئەز دەزانم تۆ لە دڵسۆزییەوە بۆ زمان و نەتەوەی کورد باسی زمانی ستاندارد دەکەیت. بەڵام تا ئێستە تۆ و هاوبیرانی تۆ چیتان کردووە بۆ زمانی ستاندارد؟ بۆچی نەچوون بەلایەنی کەمەوە ئەو پێشنیازانەی بلاومکردنەوە بخەنە سەرمێزی لێکۆڵینەوە و فراوانیبکەن و بیخەنە بەردەم نەتەوە؟ بێجگە لەوەش، ئایا رۆژ رۆژی ئەوەیە کە خۆمان بەم کارەوە زۆر خەریک بکەین، لەکاتێکدا هیچ پێشکارێک نەکراوەبۆی و، گەلێک کێشەی چارەنووسسازیش هەن کە پلەی گرنگییان بۆ سەردەمی ئەورۆ، لەسەروو مشوورخواردنەوەیە بۆ زمانی ستاندارد؟ لە وتارەکەشمدا ئاماژەم بۆ ئەو کێشانە کردووە کە پێشەمییان هەیە. کێشەی نەتەوەیی کوردیش، بەر لەهەموو شتیک خاکە. کورد دەبێ جارێ خاوەنێتیی و سەروەرێتیی خۆی بەسەر نیشتمانەکەیدا (کوردستان) ساخبکاتەوە. ئەو دەمە چارەسەرکردنی کێشەی زمان هێندە گران نابێ.

بەپێچەوانەی بەڕێز موحسین جوامێرەوە، بەڕێز شێخولئیسلامی، راست بۆی چووە کە ئامانجی من، بوونی زمانی ستانداردەو ، ئەم ئامانجەش لەلای من زۆر کۆنە و دەمێکە کارمکردووە بۆی، بەلاَم ئەوە هەیە، ئەم بەڕێزە هێندەک بیروڕای ناڕاستی خستووەتەڕوو، چ لەبارەی زمانی ستاندارد و، چ لەبارەی پێوەندیی زمان و ئەوەی کە ئەو بە "دەوڵەت – نەتەوە" نێویبردووە. بۆ وێنە، نووسیوێتی، بەپێی ئەو تاریفەی کە من بۆ زمانی ستاندارد پێشانمداوە و، گوتوومە ئینگلیزی وعەرەبی و ئەڵمانی ستانداردن، دەبێ، یان ئینگلیزی ستاندارد نەبێ، یان تاریفەکەی من راست نەبێ، چۆنکە گوتوومە، زمانی ستاندارد قاڵببەستووە و شێوای دەستکاری و هەرکەس بۆ خۆیی و جیاوازیی نییە. لەوەشدا، چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە بۆجیاوازیی ئینگلیزیی ئەمریکایی و ئینگلیزیی بەریتانیایی و ئینگلیزیی ئاوسترالیایی و ....هتد لە یەکدی. ئەمە لە کاتێکدا، ئەوەی خستووەتە پشتگوێ کە زمانی ئینگلیزیی لەو وڵاتانەدا کەمەیەکی یەکجار کەم، جیاوازییان هەیە و، ئەو جیاوازییانەش هەموو، لەزمانە ستانداردەکەدا وەرگیراون. واتە ئەگەر یەکێک وشەی "سەنتەر" ئاوا: Center (ئەمریکایی) یان ئاوا: Centre (بەریتانیایی) بنووسێ، بەهەڵە نادرێتە قەڵەم. چۆنکە هەردوو شێوەکە چوونەتە زمانی ستانداردەوە و، لە وشەنامەی زمانەکەدا چەسپێندراون، بەلاَم ئەگەر یەکێک، سەنتەر، ئاوا: Canter یان، ئاوا: Senter بنووسێ، ئەو دەمە بەهەڵە دەدرێتە قەڵەم، چۆنکە ئەمەیان نەکراوە بە ستاندارد.

وێنەیەکی دیکە بۆ ئەمە ئەوەیە، لەشێوەزاری ئەڵمانیی خەڵکی باشووری ئەڵمانیادا، بە رۆژی شەممە دەبێژن Samstag، بەلاَم خەڵکی باکووری ئەڵمانیا، پێیدەبێژن Sonnabend. ئەم دوو وشە جیاوازە، هەردووکیان لەزمانی ستانداردا وەرگیراون. هەرکامێکیان بەکار بهێنرێ، بە هەڵە دانانرێ. بەمەدا دەردەکەوێ کە مەبەستی من لە قاڵببەستن و نەگۆڕیی زمانی ستاندارد ئەوەیە کە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، مەبەستم ئەوە نییە، بۆ یەک شت هەریەک وێنە هەبێ و بەس، بەلاَم ئەو وێنە جیاوازانە، یان ئەو گۆڕانانە، لەبارەی مۆرفۆلۆژییەوە بن، یان لەبارەی رێزمانەوە بن، یان لەبارەی وشەسازییەوە بن ....هتد، دەبێ بووبن بە بەشێک لەزمانی ستاندارد و پەژرێندرابن.

دیاره زمانی ستانداردیش بەپێی کات و سەردەم و گۆڕانی کۆمەڵگە دەگۆڕێ، زمانی ستانداردی عیبریی کۆن و ستانداردی ویۆنانیی کۆن، لە عیبری ستاندارد و وێنانی ستانداردی ئەوڕۆ جیاوازن، بەڵام ئەم گۆڕانە بەپێێ ڕێسایەکی سنووردیارە، نەک هەر کەس بۆخۆیی. ئاشکرایە زمانی ستانداردی ئەوڕۆی عەرەبی، وەک هی ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر نییە و گۆڕانی تێدا هەیە، بەڵام گۆڕانەکە سنووردارە و قاڵبی خۆیگرتووە. ئەوجا، بوونی یەک زمانی ستاندارد، بۆ یەک نەتەوە، هیچ پێوەندییەکی بە بیرۆکەی "نەتەوە – دەوڵەت" ەوە نییە، کە بەپێی ئەو وادانان (هیپۆتێز) ە، دەبێ، هەموو نەتەوەیەک یەک خاک و یەک زمان و یەک دەوڵەتی هەبێ و، منیش لەم بیرۆکەیەوە کەوتبێتمە سەر بیری زمانی ستاندارد، وەک شێخولئیسلامی پێیوایە. نەخێر. ئەوەتە دەبینن عەرەبەکان یەک زمانی ستانداردیان هەیە و ٢٤ دەوڵەتیشیان هەیە و، هەوڵدانی چەند دەولەتێکی عەرەبی بۆ دامەزراندنی یەکگرتەیەکی عەرەبی، سەرینەگرتووە و هەر لەلایەن عەرەبەکان خۆیانەوە، بەربەرەکانێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەست لە زمانەستانداردەکەیان بەرنادەن و بە موو لێی کەلناکەن. هەروەها، زمانی ئەڵمانی، چەند سەتەیەک بەر لەوەی دەوڵەتێکی ئەڵمانیی یەکگرتوو، لەلایەن بسمارک ەوە دابمەزرێندرێ، وەک زمانی ستاندارد دروستبوو، کاتێک مارتین لۆتەر (١٤٨٣– ١٥٤٦) ئینجیلی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی بەشێوەزاری دیوانیی میرنشینی زاکس.

**ئەڵمانەکانی سویسرا و نەمساییەکان و ئەڵمانەکانی ئەڵمانیا و لۆکسەمبۆرگ و لیشتنشتاین، پێنج دەوڵەتی جیاوازیان هەیە، بەڵام یەک زمانی ئەڵمانیی ستانداردیان هەیە.** شێخولئیسلامی، بە هەڵە دەبێژێ کە لە سویسرە یەک نەتەوە و چوار زمانی ستاندارد هەیە. لە سویسرە نە یەک نەتەوە هەیە و، نە چوار زمانی ستاندارد. سویسرە دەوڵەتێکی کانتۆنییە. خۆم لە سویسرە، لەبەشە فەرەنسەییەکەیدا ژیاوم و دەزانم، هەر سویسرەییەک کە تۆ لێی بپرسیت، تۆ کێیت؟ یەکسەرنابێژێ "سویسرەییم"، بەڵکو دەبێژێ ئەڵمانییەکی سویسرەییم، یان فەرەنسەییەکی سویسرەییم و ..هتد. زمانە ئەڵمانییە ستانداردەکەی سویسرە، وەک ئەڵمانییەستانداردەکەی نەمسا و ئەڵمانیا و لۆکسەمبۆرگ و لیشتنشتاین وایە. شێوەزاری ئەڵمانیی سویسرەیی کە بە **"شڤیتز دویچ"** بەنێوبانگە، خەڵکی ئەڵمانیا و

ئەمسا زۆر بەزەحمەت تێیدەگەن. هەموو بەزمانی ستاندارد لەگەڵ یەک دەدوون. دەوڵەت شتێکە و نەتەوە شتێکی دی. دەوڵەت دەزگەیەکی دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردنە، کە لە هەلومەرجێکی رامیاریدا دروستدەبێ، یان دەڕووخێ و لەنێودەچێ. نەتەوە پێکهاتەیەکی ژیاری و جڤاکی و کولتوورییە کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەندا دروستدەبێ. هەر لەبەر ئەوەشە، هێندەک لە زانستکارە بۆرژواکانی ئەوروپا، کە ئەم ناکۆکییە لە بیرۆکەکەیاندا دەبینن، ناچاربوون باس لە "نەتەوەی کولتووری" و "نەتەوەی رامیاری" بکەن.

بەڕاستی زۆر سەیرە بەلامەوە، کە شێخولئیسلامی و سەلاح ئەحمەد، ئەوەی کە رەزاخان و، ئەتاترک کردیان و، زمانی فارسی و ترکییان بەزۆری کوتەک بەسەر گەلە نافارس و ناترکەکانی دەوڵەتە دەستکردەکانیاندا سەپاند، وەک هەوڵدانی رۆشنبیرانی سەربە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بۆ هێنانەکایەی زمانێکی هاوبەش، تەماشا دەکەن. کورد دەیەوێ زمانەکەی خۆی بکاتە زمانی هاوبەش بۆخۆی، نەک سەپاندنی بەسەر ناکورددا. تەنانەت سەلاح ئەحمەد کە ئەمە بە "فاشیزمی سۆرانی" دەداتە قەڵەم، دەبێ بزانێ پێشەنگەکانی بیرۆکەی کردنی ئەمەی کە بە هەڵە پێیدەڵێن "سۆرانی" بەزمانی ستاندارد، کەسانی سەر بەو شێوەزارە نەبوون. لەوانە مامۆستا عەبدوڵلا گۆران (مەزنترین هۆزانی سەردەمی نویی کورد) و، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا محەمەدی کوڕی کە ئەم سێ کەسە هەورامین. لەهاوینی ساڵی ١٩٥٨ دا، شەوێکیان لە بەغدا، هەتا هەتاو هەڵهات لەگەڵ مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا (کۆنە سکرتێری گشتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان) وتووێژێکمانکرد لەسەر کێشەی زمان، ئەو هەر دەیگوت، "دەبێ ئەم کوردییەی سلێمانی ببێتە زمانی رەسمیی کورد". رەحمەتی سامی عەبدولڕەحمانیش، هەر لەسەر ئەو بیروڕایە بوو. مامۆستا حەمزە و سامی عەبدولڕەحمان هەردووکیان بادینانی بوون و، "سۆرانیی فاشیست" نەبوون.

بەپێچەوانەی شێخولئیسلامییەوە، ئەز لەو باوەڕەدام، ئەگەر ئەو گەلانەی کە بە چەند شێوەزارێکی جیاواز قسە دەکەن، زمانێکی ستاندارد بۆخۆیان دەستنیشاننەکەن و هەر یەکەیان بەشێوەزاری خۆی بنووسێ و بخوێنێ و قسە بکات، ئەوا بەرە بەرە شێوەزارەکان، هەر یەکە، دەبێتە زمانێکی تەواو و، ئێدی لەیەک ناگەن و پێوەندیی

نێوانیان دەپچڕێ. ئەوەتا فەرەنسەییەکان و ئیتالییەکان و ئیسپانییەکان، هەر یەکەیان لەسەردەمی کۆندا، بەشێوەزارێکی زمانی لاتینی قسەیاندەکرد، بەڵام ئێستە بوونەتە چەند نەتەوەیەکی جیاواز و چەند زمانێکی جیاواز. مێژووی دوو شێوەزاری سربی و کرواتی کە دووریيان لە یەکەوە، وەک دووریی کوردیی کەرکووک و کوردیی هەولێرە و، ناکۆکیی نێوان ئەم دوو تیرە سلاڤییە کە لە سنووری یۆگوسلاڤیادا دەژیان، کارێکی وایکرد ببنە دوو نەتەوە و دوو دەوڵەتی دژ بەیەک.

زمانی ستاندارد بۆ ئەوەیە، ئەو کەسانەی بەو زمانە، یان بە شێوەزارەکانی ئەو زمانە قسەدەکەن، باش لەقسە و نووسین و بیروڕای یەکدی بگەن. ئەگەنا شێوەزارەکان بۆ قسەکردن و کاروباری شانۆیی و گۆرانی و تەنانەت لە هێندێک بارودۆخدا، بۆ وانەگۆتنەوە و شیرۆڤەکردنی قورساییەکانی زمانە ستانداردەکە، بەکار دەبرێن، دیارە دەکەونە ژێر تەزووی زمانی ستانداردەوە. بوونی زمانی ستاندارد، لەباری ئابووریشەوە زۆر بەسووتە و، پاشەکەوتکردنی پارەیەکی زۆرە. لەکوێ تۆ بچیت پەرتۆکێک، یان رۆژنامەیەک بە چەند شێوەزاری جیاواز و رێنووسی جیاواز دەربکەیت و، لەکوێ، یەک پەرتۆک و یەک رۆژنامە دەربکەیت؟ لەکوێ خوێندنخانە و زانستگە بە چەند شێوەزار دابمەزرێنیت و، لە کوێ بەیەک زمان؟

ئێستە دەمێنێتەوە ئەوەی کە **بەڕێز حەسەنی قازی** لە ژمارە ٢٦١و ٢٦٢ی "رۆژنامە (رێکەوتی ١٥ و ٢٠٠٨/٧/١٦ ل ١٥) دا نووسینێکی بڵاوکردبووەوە لەژێر سەرنێوی **"هەڵەیەکی زۆر گەورە کە هیوادارم مامۆستا جەمال نەبەز راستی کاتەوە"**. لەوەدا نووسیبووی کە ئەز گوایە "بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، **تاوانێکی زۆر گەورەم خستووەتە پاڵ یەکێک لە لێکۆڵەرەوە هەرە بەرچاوەکانی ئێرانی و "بەسیخوڕێکی سەردەمی شای لێخراوی ئێران"** م داوەتە قەڵەم ....هتد. مەبەستی لەم کەسە، خوسرەوی شاکری یە، کە کاک حەسەن دەبێژێ، ئەو پیاوە لە نامیلکەیەکدا بەنێوی خواستەمەنیی **"م ماکان" ەوە "تێزی ستالینی لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتیی"** بەرپەرچداوەتەوە، بەڵام ئەو بەرپەرچدانەوە، لە روانگەی نکۆلیکردن لەهەبوونی گەلی کورد و زمانی کوردی نەبوو ... هتد". سەرنجی کاک حەسەن بۆ ئەوە رادەکێشم کە تەماشایەکی سەرپەڕەی نامیلکەکە بکات کە نێوی **"افسانه خلقهای ایران"** ە،

لێرەدا "ئەفسانە" بەمانای "درۆ و هەلات و خەیاڵپلاوی" دێ. هەموو نامیلکەکە بۆ ئەوە نووسراوەتەوە کە بیسەلمێنێ، ئێران لە چەند گەلێک پێکنەهاتووە، بەڵکو لەیەک گەل، کە ئەوەیش "گەلی ئێران" ە و، فارسییش هەر زمانی فارسەکان نییە، بەڵکو زمانی هەموو ئێرانییەکانە. لەلاپەڕەی (٤٣) دا دەنووسێ: "ما جز ملت (خلق) ایران در چارچوب مرزهای این کشور خلق دیگری نمی شناسیم". واتە (پتر لە نەتەوە (گەل)ی ئێران، لەچوارچێوەی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتەدا، دان بەبوونی هیچ گەلێکی دیکەدا نانێین". مەبەستیشی لە بەربەرەکانێکردنی تێزی ستالین، تەنێ ئەوە بوو بیسەلمێنێ کە توودەییەکان، راستناکەن، کە پشتیان بە تێزی ستالین دەبەست و ئێرانیان بە وڵاتی چەند گەلێک دادەنا. ئەوجا ئێستە کە ئەم کابرایە چەند پەرتۆکێکی نووسیوە، مانای وانییە کە سەر بە رژێمی شا، یان سەر بە "ساواک" نەبووە. خۆ ئەگەر بەو حسێبە بێ، ئەوا عیسا پژمان، چەند پەرتۆکێکی دەرکردووە، گەلێک زانیاریی گرنگیان لەخۆگرتووە، بەڵام عیسا پژمان، کاربەدەستی ساواک بوو. هەروەها اسدالله علم و شجاع الدین شفا، کە دوو دەسکەلای شای ئێران بوون، گەلێک پەرتۆکیان هەیە. پاشان بۆچی ئەو کابرایە (خوسرەوی شاکری) بەنێوی راستینەی خۆی ئەو نامیلکەی بلاونەکردەوە، بەڵکو بەنێوی خواستەمەنیی "م. ماکان" ەوە لەساڵی ١٩٦٩؟. خۆ ئەو لە ئەورووپا بوو. ئازادیی بلاوکردنەوە هەبوو. دوایی، قسەکانی بۆ بەگژداچوونی توودەییەکان و ماف رەوانەبینین بە کورد و ئازەری و بەلووچ و ...هتد، رۆیشتن بوو لەسەر هێڵی شۆڤێنیزمی فارس و لەگەڵ سیاسەتی رژێمی حەمەرەزاشای لێخراودا جووتبەرامبەر بوو. ئێدی لەچی دەترسا؟ یان مەبەستی ئەوەبوو، لەژێر نێوێکی خواستەمەنیی و چەند رەخنەیەک لەرژێمی شا، دەستەکەی نەکەوێتەڕوو؟ ئەوجا دڵنیا بە کاکە حەسەن، ئەوەی کە ئەو پیاوە سەر بە ساواک بووە، ئەمەم لەخۆمەوە نەنووسیوە. کۆتایی شەستەکانی سەتەی رابوردوو، کاتێک لە زانستگەی هەمبورگ دەمخوێند، سەردەم سەردەمی "راپەڕینی خوێندکاران" و جۆشسەندنی بزووتنەوەی چەپاژۆکان بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارە فارسەکان، بە چەپی و ناچەپییەوە، ئاشنا و ناسیاو و دۆستم بوون. ئەوان، "ماکان"یان لەنێزیکەوە دەناسێ و، ئەوان لەبارەی جەنابی م. ماکانەوە ئەمەیان دەگۆت. تەنانەت دەیانگۆت، "شەڕلاتانێکی بێوێنەیە".

دوایی کاکە حەسەن گیان، ئەو پیاوە کە ئێستە بووەتە دۆست و ناسیاوی تۆ و، تۆ واپەسنی ددەیت، هیچ رۆژێک بیری لەوە کردووەتەوە، داوای لێبوردن بکا لە نەتەوەی کورد، بەرامبەر ئەو هەموو درۆ و دەلەسە و ساختەکارێتییەی کە بۆ تێکدانی راستینەکانی سەر بە نەتەوە و زمانی کوردی کردوونی، کە بەڕێزت وا بەسادەیی، داوا لە من دەکەیت، داوای لێبوردن بکەم لێی؟ تکایە جارێ بچۆ نامیلکە ژەهراوییەکەی بە رێکوپێکی بخوێنەرەوە.